هەوڵەکانی فیدراسیۆن دژ بەدیپۆرتء لێدانء ئەزیەتی پەنابەران درێژەی هەیە

کۆبوونەوەی نێوان فیدراسیۆن و بەڕێوەبەری کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر بەڕێوە چووە

ئامانج عەبدولا بەرپرسی لقی کوردستانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی ڕایگەیاند"ڕۆژی 14-10 کاتژمێر 2 پاشنیوەڕۆ لە شاری هەولێر بە بەشداری دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن لەگەڵ (Charles Lynch بەرێوەبەری مەکتەبی هەولێری کۆمیسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ،بەیان سالح، ) لە ئۆفیسی UN کۆبوونەوەیەکمان سازدا"
ئامانج ووتی لە کۆبوونەوەیەدا"بەدریژی لەسەر سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران و پێشیلکاریەکانی حکومەتەکانی ئەوروپا بەرامبەر بە مافی پەنابەریء ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ بەغدا پەنجەی رەخنەمان ئاڕاستەکرد، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا وینەی ئەو سکالا یاساییەی ئاڕاستەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە تەسلیمکرد لەگەڵ چەندین بەڵگەو زانیاری لەسەر رێکەوتننامەکانی نێوان حکومەتی عێراقیء وڵاتانی ئەوروپا. داوامانکرد بەرپرسیارێتی و هەڵویستی بەکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن لە ئاستی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە پەنابەران ئەنجامدەدرێت"
هەروەها ئامانج ووتی لە وەڵامدا ئەوان ڕایانگەیاند"هەڵویستی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان رۆشنە کە لەگەڵ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران نیین.داوایانکرد :
1-فیدراسیۆن هەر بەڵگە و زانیاریەکی ئەو پەنابەرانەی دەنێردینەوە پێش ناردنەوەیان ئاراستەیان بکەین .
2-بەدوادا چوون دەکەن لەسەر سکالای فیدراسیۆن سەبارەت بە لیدان ئازاردانی پەنابەران لە کاتی ناردنەوەیان.
3-بەشێکی رێکخراوەکەیان لە هەولێر یارمەتی یاسایی پێشکەش بەو پەنابەرانە دەکەن کە کیشەو گیروگرفتیان هەیە لەوانە( کیشەی کەیسەکانیان ،زەواج،...چەندین گرفتی یاسایی تر).فیدراسیۆن دەتوانێت لەو هاوکاریانە بۆ پەنابەران سود وەرگرێت.
4-هاوکاری ئۆفیسی فیدراسیۆن دەکەن لە کوردستان.
ئامانج ووتیشی "لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا بریاریان دا کۆبوونەوەی تر لەگەڵ ئەو بەشانەی تری رێکخراوی ناوبراو کە هاوکاری پێشکەش بە پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان دەکەن، پێکەوە ساز بدەین"

## وەفدێکی فیدراسیۆن لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە وەرگرتنەوە ولێدانی پەنابەران کۆبووە




هەولێر2010-10-14:

ئامانج عەبدولا بەرپرسی لقی کوردستانی فیدراسیۆن بە ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی ڕایگەیاند"لەسەر داوای لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، وەفدێکی فیدراسیۆن کە پێک هاتبوو لە(دەشتی جەمال، ئاری جلال، بەختیار عمر، ئامانج سەعید، عیرفان کریم )لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ بەرێزان(دکتۆر ئەرسەلان بایز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ،سالار محمود سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، حمە شارەزووری ئەندام پەرلەمانء تارق جەوهەر راوێژکاری سەرۆکی پەرلەمان بۆ کاروباری راگەیاندن ) لەسەر کێشەی پەنابەران کۆبووینەوە"

ئامانج ئەوەشی ووت"لەو کۆبوونەوەیەدا سکرتێری فیدراسیۆن  باسی لە خراپی رەوشی پەنابەرانکرد لە ئەوروپا، بەتایبەتی  ئەو هەڵمەتە سەراسەریانەی حکومەتە راستەکانی ئەوروپا لە گرتنء راوانانء بەزۆرناردنەوەی پەنابەران دەستیانپێکردوە "

ئامانج سەبارەت بە داواکاریەکانی کۆبوونەوەکە ووتی" سەرباری نیگەرانی ئێمە لە بێدەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەهەڵسوکەوتی حکومەتی عیراقی لەگەل وولاتە ئەوروپیەکانء ئیمزاکردنی چەندین رێکەوتننامەو پاشان وەرگرتنەوەی پەنابەران لە فرۆکەخانەی بەغدا و ئازاردانی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان داوامانکرد:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بەرپرسیاریتی خۆی نیشان بدات بەرامبەر بەلیدان سوکایەتپێکرد بە پەنابەران لە فرۆکەخانەی بەغدا .
2. حکومەتی عیراقی ئەو رێکەوتننامانە هەڵبوەشینیتەوە لەگەڵ ولاتانی ئەوروپا  بە ژیانء چارەنووسی پەنابەران  ئیمزای لێداوە.
3. ئەو پۆلیس و ئاسایشانەی فرۆکەخانەی بەغدا هەستاون بە لێدان و توندو تیژی وتەشهیرو سوکایەتی بەرامبەر بە پەنابەرانی دیپۆرتکراوە، بدرێنە دادگاو سزا بدرێن. کاربەدەستان بەرپرسیارانی حکومەت بە ڕەسمی داوای لیبوردن لە پەنابەرانء کەسوکاریان بکەن.
4. پاراستنی سەلامەتی گیانء ژیانی ئەو پەنابەرانە لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندیدایە تا ئەو کاتەی دەگەیەنرێنە شۆێنێکی سەلامەت بە تەنسیق لەگەڵ پەنابەرانی دیپۆرتکراودا.
5. وەڵام بە داواکاری پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بدریتەوە کە بەشێوەی یاداشت خراوەتە بەردەست سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان.
6. پرۆسەی موڵەتی یاسای رێکخراوی فیدراسیۆن وەڵام بدەنەوە.

هەروەها ئامانج ئەوشی راگەیاند " کە سکرتیری فیدراسیۆن بە جیگری سەرۆکی پەرلەمانی راگەیاند هەروەک چۆن ئەوەی لە ئیستادا پەنابەران لە فرۆکەخانەی سلیمانی هەولێر وەرناگیرینەوە پێویستە لە فرۆکەخانەی بەغداش پەنابەرانی بەزۆر نێراوە وەرنەگیرێتەوە وحکومەتی هەرێم بەرپرسە لەوەی کە نابێ رێگە بدات پەنابەران لە فرۆکەخانەی بەغدا وەربگیرێتەوە "

عیرفان کریم ئەندامی راوێژکاری سکرتاریتی فیدراسیۆن رایگەیاند کە "جیگری سەرۆکی پەرلەمان سەرباری ستایشی لە هەوڵەکانی رێکخراوی فیدراسیۆن پێی ووتین:

1-ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران نایاسابیە. ئێمە لەگەڵ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران نیین.

2-ئێمەی دینە دەنگ و نارەزایەتی دەردەبرین بە رامبەر بە ئەزیەتء ئازاری پەنابەران و لەگەڵ سەرۆکی حکومەت لەو بارەیەوە قسە دەکەین.

3-بۆ وەڵامی یاداشتنامەکانتان بەدوا چوون دەکەین.

4-بۆ دانی مۆڵەتی یاسای بە فیدراسیۆن بەدواداچوون دەکەین و هاوکاریتان دەکەین.

ئامانج عبدولا ووتیشی "لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا سەرباری ئەوەی سوپاسی هەوڵ وهاوکاری لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستانمان کرد، سکرتیری فیدراسیۆن یاداشتی نارەزایەتی بە ئیمزای زیاتر لە 700 رۆشنبیرو نووسەروکەسایەتی سیاسیو حزبء رێکخراوی کوردستانی کە داواکاری و خواستەکانی پەنابەرانی لە خۆگرتبوو لەگەڵ چەندین بەڵگەو وینەی پەنابەر لیدراوەکان ونامەی پشتیوانی رێکخراوە جیهانیەکان کە ئاراستەی سەرۆک کۆماری عیراق کرابوو، تەسلیم بە جێگری سەرۆکی پەرلەمانکرد"

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT:00447856032991Or07895636633**

**ifir@hotmail.co.uk** www.federationifir.com www.csdiraq.com **0041313021966-0788532004**